بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقايعى كوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٢٣) سالّی دووەم ٢٠٠١/١١/١٥ زاینی (٢٤)ی گەلاّڕێزان ٢٧٠١ کوردی (٣٠)ی شەعبان ١٤٢٢ی کۆچی

## لەم ژمارەیەدا :


- یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠١ — ل١
  یاسای پزیشکی دادگوزاری هەرێمی کوردستانی عێراق
- فەرمانی یەکبوونی شارەوانی کەڵەك و خەبات — ل١٠
- فەرمانی دابڕینی سەرۆکایەتی شارەوانی بەشیریان لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی دهۆك و بەستنەوەی بە شارەوانی هەولێر — ل١١


ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر باڵەخانەی وەزارەتی داد

بەدالە ( ٢٢٣٠٣٥١ : ٢٢٣٠٣٥٢ : ٢٢٣٠٣٥٣ : ٢٢٢٠٥١٢ )

بسم الله الرحمن الرحيم


# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد (٢٣) السنة الثانية ١٥/١١/ ٢٠٠١م (٢٤) گەلاڕێزان ٢٧٠١ ك (٣٠) شعبان ١٤٢٢ هـ


## في هذا العدد


- قانون رقم (١٦) لسنة ٢٠٠١ ص١١
  قانون الطب العدلي لأقليم كوردستان العراق
- توحيد بلدتي كەلك و خەبات ص١٠
- فك أرتباط رئاسة بلدية بشيريان ص١٠
  من مديرية بلدية دهوك و ربطها برئاسة بلدية اربيل



ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان

www.mojkurdistan.com



e.mail: waqaea@yahoo.com



سعر النسخة ( ٥ ) دنانير

البدالة ( ٢٢٣٠٣٥١ ؛ ٢٢٣٠٣٥٢ ؛ ٢٢٣٠٣٥٣ ؛ ٢٢٢٠٥١٢ )

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ١٦**
**ڕۆژی دەرهێنان : ٢٠٠١/١٠/٢٦**

پشت بە حوكمەكانی بڕگە (١)ی ماددە ی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داوای وەزیری تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١١)ی ڕۆژی (٢٠٠١/١٠/٢٥) یدا ئەنجامی داوەو ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش كە بڕگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاسـای ژمـارە (١٦)ی سـاڵی ٢٠٠١
## یاسـای پزیشـكی دادگـوزاریی هـەرێمی كوردسـتانی عێـراق

**ماددەی یەكەم :**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە :

١. هەرێم : هەرێمی كوردستانی عێراق .
٢. وەزارەت : وەزارەتی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی هەرێم.
٣. وەزیر : وەزیری تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی هەرێم.
٤. پەیمانگا : پەیمانگای پزیشكی دادگوزاری.

## دەروازەی یەكـەم
## ئامانجـەكان و بنیچـەكان

**ماددەی دووەم :**

ئامانجی ئەم یاسایە ئەوەیە كە ئیش و كاری پزیشكی دادگوزاری لە هەرێمدا ڕێك بخات و سەویەی كارامەیی كارمەندەكانی بەرز بكاتەوەو كارو پیشەیان بەرەو چاكتر ببات بە مەبەستی یاریدەدانی دادگوزاری.

**ماددەی سێیەم :**

ئامانجەكانی ئەم یاسایە لەمانەی خوارەوە دێتەدی :

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

يەكەم : يەكخستنی شێوازی ئیش و كاری تیمارگەی دادگوزاری لە هەرێمدا و سەرپەرشتیی بەكارخستنی.

دووەم : ئامادەكردن و پێشكەش كردنی شارەزایی زانستی و هونەری بۆ دادگاكان و لایەنی لێ پێچانەوەی پێوەندیدار.

سێیەم : مەشق پێ كردن و راهێنانی كادیرە پزیشكی و تەندروستی و هونەریەكان.

چوارەم : ئامادەكردنی ئەو دیراسەتانەی كە پێوەندییان بە پزیشكی دادگوزارییەوە هەیە.

پێنجەم : بەجێ هێنانی لێكدانەوەو شیكاری ئاماریی زەبرەكانی (وقعات) پزیشكی دادگوزاری .

## دەروازەی دووەم
## پێكهاتەكانی پزیشكی دادگوزاری

**ماددەی چوارەم :**

بە پێی ئەم یاسایە (پەیمانگای پزیشكی دادگوزاری) دادەمەزرێ و بارەگاكەی لە هەولێر دەبێ و بە وەزارەتەوە دەبەسترێ.

**ماددەی پێنجەم :**

پێكهێنەرەكانی پزیشكی دادگوزاری ئەمانەن :

یەكەم : پەیمانگای پزیشكی دادگوزاری ، لەمانە پێك دێت :

أ. ئەنجومەنی پەیمانگا.

ب. بەشەكانی پەیمانگاكە.

دووەم : تیمارگە دادگوزاریەكانی مۆڵگەی پارێزگاكان . ئەمانە لە رووی ئیدارییەوە بە دایەرە تەندروستییەكانی پارێزگاكەوە دەبەسترێن ، بەلام لە رووی هونەرییەوە بە پەیمانگاوە دەبەسترێن.

**ماددەی شەشەم :**

لەو پارێزگایانەدا كە زانكۆیان تێدا هەیە ، وەزیر بۆی هەیە تیمارگە دادگوزاریەكان لە كاتی پێویستدا بكات بە پەیمانگای پزیشكی دادگوزاری بە پلەی مودیرییەت.

**ماددەی حەوتەم :**

یەكەم : ئەنجومەنی پەیمانگا لەمانە پێك دەهێنرێ.

١. بەرێوەبەری پەیمانگا ـ سەرۆكی ئەنجومەنەكەیە.

٢. نوێنەرێكی وەزارەتی پێشمەرگە ، وەزیری پێشمەرگە لەناو پزیشكە سەربازیەكاندا هەڵی دەبژێرێ ـ بە ئەندام .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

٣. نوێنــەرێکی وەزارەتــی نــاوخۆ ، وەزیــری نــاوخۆ لــە نــاو ئەفەســەرکانی پۆلیــسدا هــەڵی دەبژێرێ و روتبەکەی لە (مقدم) کەمتر نەبێ و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسادا هەبێ ، یان فرمانبەرێکی حقوقیی خاوەن شارەزایی و ئەزموون بێت لە وەزارەتی ناوخۆ ـ بە ئەندام.

٤. نوێنەرێکی ئەنجومەنی فێرکردنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێم ، ئەنجومــەن لــەناو مامۆستایانی ماددەی پزیشکی دادگوزرایی زانکۆکانی هەرێمدا دایدەنێ ـ بە ئەندام.

٥. دادوەرێك کە لە پلەی دووەم کەمتر نەبێ ، وەزیری داد دایدەنێ ـ بە ئەندام .

٦. موودەعییەکی گشتی کە لە پلەی دووەم کەمتر نەبێ ، وەزیری داد دایدەنێ ـ بە ئەندام.

٧. سەرۆکانی بەشەکانی پەیمانگای پزیشکی دادگوزاری ـ دەبنە ئەندام.

٨. سێ پزیشکی دادگوزاری ، وەزیر دایاندەنێ ـ بە ئەندام.

٩. پزیشکێکی پسپۆر ، بۆ ماوەی دوو ساڵ ـ کە یارای تازەکردنەوەشە ـ وەزیر دایدەنێ ـ بە ئەندام.

دووەم : ئەنجومەنی پەیمانگاکە ، هەر سێ مانگ جارێك کۆدەبێتــەوە . سـەرۆکی ئەنجومـەنیش بۆی هەیە ، کەی پێویستی بێت بانگهێشتی بکات بۆ کۆبوونەوە ، نیصابیش بە ئامادەبوونی دوو لــە ســێی ئەنــدامانی ئەنجومــەن دێتــەجێ و بڕیارەکــانیش بــە زۆرینــەی دەنگــی ئامــادەبووان دەردەچێو ئەگەر دەنگەکانیش هاوتابوون ئەوە ، لەو بارەدا دەنگی سەرۆك بۆ کام تایان بووبێ ، هی ئەوە.

سێیەم : ئەنجومەن بۆی هەیە هەر کەسێکی شارەزاو پسپۆڕ ، بە باشی بزانێ ، بانگی بکـات بـۆ کۆبوونەوەکە ، بەڵام مافی دەنگدانیان نابێت.

**ماددەی هەشـــتەم :**

ئەنجومەنی پەیمانگا ئەم ئیش و کارانە دەگرێتە ئەستۆ :

یەکـــەم : ئامـــادەکردنی پلانـــی ســـاڵانەی پەیمانگـــەی دادگـــوزاریی هـــەرێم و بەدواداچـــوونی بەرکارخستنی.

دووەم : ئامادەکردنی بوجەی ساڵانەو حسابکاریی کۆتایی پەیمانگاکەو هی تیمارگەکانی.

سێیەم : لە نـاو ئەندامـەکانی خۆیـدا لیژنەیـەك لـە (٣) سـێ پزیـشکی دادگـوزاری پێـك دەهێنـێ لەوانەی کـە هێـشتا لـە وەزیفـەدان ، بـۆ ئـەوەی سـەیری ئـەو ناڕەزاییانـە بکـات کـە دەربـارەی راپۆرتەکانی پزیشکی دادگوزاری پیێشکەش دەکرێن.

چوارەم : هەر پێشنیارێکی بەباشی بزانێ بـۆ بەرنامـەی پزیـشکی دادگـوزاری و خوێنـدنی بـاڵای پسپۆری بۆ پزیشکانی دادگوزاری ، پێشکەشی دەکات.

پێنجەم : کردنـەوەی خـولی مەشـق ئیقـرار دەکـات بـۆ خـاوەن پیـشە پزیـشکی و تەندروسـتی و هونەرییەکان لە پزیشکیی دادگوزاریدا.

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

شەشەم : ڕادەسپێرێ كە ئیجازەی خوێندن بدرێت بە كارمەندانی تیمارگەی دادگوزاری یان ئیفاد بكرێن.

حەوتەم : ڕادەسپێرێ كە پاداشت بدرێ بە كارمەندانی تیمارگـەی دادگـوزاری وەك دنـەدانێك بـۆ كارە نایابەكانیان.

هەشتەم : سەیری هەموو شتێك دەكات كە وەزیر یان بەڕێوەبەری پەیمانگا بۆی هەواڵە بكات.

**ماددەی نۆیــــەم :**

بەڕێوەبـەری پـەیمانگا بـە فـەرمانی وەزیـر دادەمـەزرێت ، كـە یـەكێك بێـت لەوانـەی بڕوانامـەی پسپۆڕیان لە پزیشكی دادگوزاریدا هەبێ‌و بۆ ماوەیەكیش لە حەوت ساڵ كەمتر نـەبێ پیـشەكەی بەسەر بردبێ ، یان یەكێك بێت لـە پزیـشكە دادگوزارییـەكان و ماوەیـەك ئـەم پیـشەیەی بەسـەر بردبێ لە دوازدە ساڵ كەمتر نەبێ ، باشتریش ئەوەیانە كە بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لـە یاساشـدا هەبێ.

**ماددەی دەیــــەم :**

یەكەم : بەڕێوەبەری پەیمانگا ئەم ئیشانە دەكات :

أ. بەڕێوەبردنی ئیش و كـاری پـەیمانگاو ، سەرپەرشـتی هونـەریی ئـیش و كـاری تیمارگـە دادگوزاریەكان لە پارێزگاكاندا.

ب. بەركارخستنی بڕیارەكانی ئەنجومەن.

ج. هەڵسوڕاندنی ئەو دەسەڵاتانەی كە وەزیر یان ئەنجومەن داوێتیێ.

دووەم : بەڕێوەبەری پەیمانگا یەكسەر بە وەزیرەوە پەیوەستە.

**ماددەی یــازدە :**

پەیمانگا لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت :

یەكەم : بەشی فەحسكردنی زیندووەكان ، پزیشكێكی دادگوزاری سەرۆكایەتیی دەكات.

دووەم : بەشی فەحسكردنی مردووەكان ، پزیشكێكی دادگوزاری سەرۆكایەتیی دەكات.

سێیەم : بەشی تاقیگە.

چوارەم : بەشی وێنەگرتن و تیشك ، پزیشكێكی لێزان سەرۆكایەتیی دەكات.

پێنجەم : بەشی ئامارکاری و لێکۆڵینەوەكان.

**ماددەی دوازدە :**

وەزیر ، بەڕێنماییگەلێ كە دەری دەكا بۆی هەیە :

یەكـەم : پـسپۆڕیی بەشـەكان و شـەرت و شـرووتی كارمەنـدان و ئەركـەكانی سەرشـانیانی تێـدا دیاربكات.

دووەم : بەشی تازە لە پەیمانگاو تیمارگە دادگوزاریەكاندا بكاتەوە.

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سیازدە :**

تیمارگەی دادگوزاری لە مەكەزی هەریەكە لە پارێزگاكاندا ، پزیشكێكی دادگوزاری سەرۆكایەتیی دەكات .

## دەروازەی سـێیەم
## پزیشـكی دادگـــوزاری

**ماددەی چـواردە :**

هەر پزیشكیٚ نازناوی پسپۆڕیی لە پزیشكیی دادگوزاریدا هەبیٚ ، یا سەرمڕو بە كردار پزیشكێتی دادگوزاری بۆ ماوەیەك بەسەر بردبیٚ لە (٣) سالٚ كەمتر نەبیٚ ، یان هەر پزیشكیٚ خـولی راهێنـان و مەشقی بەسەركەوتوویی لە پەیمانگایەكی پزیشكێتی دادگـوزاریی بڕواپێكـراودا تـەواو كردبیٚـو ماوەی خولەكەی لە یەك سالٚی تەقویمی كەمتر نـەبیٚ ، ئەوانـە بـە پزیـشكی دادگـوزار لـە قەلـّەم دەدرێن.

**ماددەی پـــازدە :**

یەكەم : پزیشكی دادگوزار ئەم ئیشانەی خوارەوە دەكات :

أ. تووشبووەكان فەحس دەكا تا جۆری تووشبوونەكەو هۆكارەكەی دەسنیشان بكات.

ب. جەستەو لاشەو ئیسكەكان توێكاری (تشریح) دەكا تا هۆكاری مردنەكە روون بكاتەوە.

ج. لـە هەلّدانـەوەی گـۆڕو دەرهێنـانی لاشـەدا ئامـادە دەبـیٚ بـۆ ئـەوەی وەسـفی بكـا یـان توێكاریی بكات تا هۆكاری مردنەكـەی روون بكاتـەوە یـان بـۆ ئـەوەی هـەر فرمـانێكی تـر ئەنجام بدات كە دادوەری لێكۆلّینەوە داوای دەكات.

د. رای هونەریی خۆی لەسەر ئەو رووداوە پزیشكییانە دەردەبـڕیٚ كـە خراونەتـە بـەردەمی دادوەری.

هـ. تەمەن دەخەملّێنیٚ.

و. پشكنین و موعایەنەی مەوقیعی ، كە پێویست بێت ئەنجامی دەدات.

ز. ئەو زەبرانـە (الوقعـات) فـەحس دەكـات كـە پێوەنـدییان بـە جـورمی ئاكـارو ئـەخلاق و رەفتاری گشتییەوە هەیە.

ح. ماددەی تۆماوو خوێنین و فەصائیلەكانیان فەحس دەكات.

ط. تووك و موو فەحس دەكا و جێگەی دەركەوتن و پەیدابوونیان نیشان دەدات.

ي. نموونەگەلی شانەیی (النسجیة) جۆر بەجۆر فەحس دەكات بۆ ئـەوەی جـۆرو سروشـتیان ساغ بكاتەوە .

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ك. نموونەگەلی غەیرە شانەیی جۆر بە جۆری ، بە نموونە ، وەك سرکەرو زەهرو گوللەو دەردراوەكان (افرازات)ی لەش و هی دیكەو جل و بەرگی جۆراو جۆر شیكاری (تحلیل) دەكات.

دووەم : پزیشكی دادگوزاری ، لەسەر داوای دادوەری‌و لایەنانی پێوەندیداری لێ پێچانەوە ، راپۆرتێكی پزیشكێتیی دادگوزاری لەسەر هەر ئەركێ ئەنجامی بدات ، رێك دەخات.

سێیەم : راپۆرتی پزیشكی دادگوزار نهێنی دەبێت.

**ماددەی شـــازدە :**

پزیشكی دادگوزار بۆ ئەوەی بتوانێ ئەركی خۆی ئەنجام بدات ، دەشێ داوای كۆمەك لە پسپۆڕان و لایەنی دیكەی پێوەندیدار بكات و ئەوەش لە راپۆرتەكەیدا روون بكاتەوە.

**ماددەی حەڤـــدە :**

یەكەم : دادگا ، یان ئیددیعای گشتی بۆیان هەیە نارەزایی خۆیان لەسەر راپۆرتی پزیشكیی دادگوزاری ، لە بەردەم لیژنەی نارەزایی كە دەقەكەی لە برگە (سێیەم)ی ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایەدا هاتووە دەرببڕن و ناشێ بەبێ موافەقەتی دادگا پێوەندیدارەكان نارەزایی خۆیانی لەسەر بخەنەڕوو.

دووەم : بڕیاری لیژنەی نارەزایی ، لەمەدا ، تەنها لە رووی پزیشكێتیی دادگوزارییەوە بنبڕ دەبێ.

**ماددەی هـــەژدە :**

ئەو راپۆرتە پزیشكییانەی كە بەبێ پزیشكانی دادگوزاری لەسەر داوای دادوەری یان لەسەر داوای لایەنی لێ پێچانەوەی پێوەندیدار رێك دەخرێن ، دەكەونە بەر نارەزایی دادگا یان نارەزایی ئیددیعای گشتی یان نارەزایی پێوەندیداریان و ئاراستەی ئەو دەزگا تەندروستیە دەكرێت كە پزیشكە راپۆرتنووسەكەی تێدا ئیش دەكات.

## دەروازەی چـــوارەم
## رەوشـــی كـــار لە پزیشكێتیی دادگـــوزاریـــدا

**ماددەی نـــۆزدە :**

یەكەم : وەسفی یەكە یەكەی ئەو زەبرانە (الوقعات)ی كە لە دادگا یان لە لایەنی لێ پێچانەوەی پێوەندیدارەوە هەواڵەی تیمارگەی دادگوزاری دەكرێن تۆمار دەكرێ ، ئەوانە دوای ساغ كردنەوەی ناسنامەی شەخسی یان لاشەی مردووەكەو دڵنیایی لە سەلامەت و دروستیی ماددە نێردراوەكان ـ كە بە پێی رێنماگەلێ دیاردەكرێن و بۆ ئەم مەبەستە دەردەچن ـ ئینجا لە سجلێكی تایبەتیدا تۆمار دەكرێن.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

دووەم : بەڕێوەبـەری پـەیمانگا ، یـان پزیـشكی دادگـوزاری لـە پارێزگاكـەدا زەبرەكـە (الوقعـة) هەواڵەی بەشی تایبەت دەكات ، یان ئەگەر پێویست بێت هەواڵەی لیژنەیەكی دەكات كە لـە (٣) پزیشك پێك دێت.

سێیەم : زەبرەكـانی جـورمی سـەر بـە ئاكـارو ئـەخلاق و رەفتـاری گشتیو خەملاندنی تەمـەن دەخرێنە بەردەست لیژنەیەك لە (٣) پزیشك پێك دێت.

**ماددەی بیستەم :**

یەكەم : زەبرەكە لە سجلی تایبەتی ئەو بەشەدا كە فەحسەكەی لەسەر كراوە تۆمـار دەكرێ.

دووەم : پزیـشكی دادگـوزار ، یـان بەشـە تایبەتەكـە ، یـان لیژنەكـە راپـۆرتێكی پزیشكیی دادگوزاری رێك دەخـات و ئـەنجامی فەحـسەكانی تێدا دیاردەخـا ، ئینجـا بەڕێوەبەری پەیمانگا یان پزیشكی دادگوزاری لـە پارێزگەكـەدا تەئییـدی راپۆرتەكـە دەكات.

**ماددەی بیست و یــەك :**

یەكەم : لاشەی مردوو توێكار (تشریح) دەكرێ ، یان بە بڕیارێكی هۆداری دادوەری لێ پێچانەوە دەدرێتە دەست خاوەنی.

دووەم : پزیشكی دادگوزاری توێكاریی لاشەی كەسێ ناكات كە خۆی چارەسەریی بۆ كردبێ و بە مردن كۆتایی هاتبێ.

**ماددەی بیسشت و دوو :**

پزیشكی دادگوزاری ، دوای تەواوكردنی توێكاریی لاشەكە ، وەفاتنامەیەكی پزیشكیی دادگوزاری دەدات بە خاوەنی مردووەكە.

**ماددەی بیست و ســێ :**

لاشـەیەك گومـانی نەخۆشـییەكی پـەتا (وبـاء)ی لەسـەربێ ، لـەو نەخۆشـییانەی كـە لـە لائیحـە تەندروستییە نێودەوڵەتیەكاندا دیـار كـراوە ناشـێ توێكـاری بكرێـت و ، لـەم بـارەدا دەسـتوبرد دادوەری لێ پێچانەوەو لایەنە تەندروستییە تایبەتكارەكانی لێ ئاگادار دەكرێتەوە.

**ماددەی بیست و چــوار :**

یەكەم : پزشكی دادگوزار لەسەر داوای لایەنی دادوەری ، لە هەڵدانەوەی گۆڕدا ئامادە دەبێت.

دووەم : پزیشكی دادگوزار بۆی هەیە هەر لە گۆڕستانەكەدا فەحسی لاشەكە بكات یان بیباتـەوە بۆ بەشی تایبەت.

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان

**ماددەی بیست و پێنــج :**

ئەگـەر كەسـێ رازی نـەبێ فەحـسی پزیـشكی دادگـوزاری لەسـەر بكـرێ دەسـتبەجێ لایـەنی لێپێچانەوەی لێ ئاگادار دەكرێ ، بۆ ئەوەی چی پێویست بێت بیكات.

www.mojkurdistan.com

**ماددەی بیست و شـەش :**

تیمارگەی دادگوزاری ، لەکاتی زەروورردا بۆی هەیە داوا لە دادوەری لێ پێچانەوە پەیوەندیدارەکە بکات کە فەرمان بدات لاشەکە بەر لە تێپەڕبوونی دوو مانگ بنێژرێت.

**ماددەی بیست وحـەوت :**

هەر زەبرێکی پزیشکی دادگوزاری ، دەشیٚ لە کاتی زەروورردا بە بڕیـاری دادوەری لێ پێـچانەوەی پێوەندیـدار و رەزامەنـدیی سـەرۆکی دادگـای جینایـات کـە ئـەو دادوەرەی پێوەبەنـدە ، لـە پارێزگایەکەوە هەواڵەی پارێزگایەکی دی بکرێت.

**ماددەی بیست و هەشـت :**

وەزارەت ، ساڵانە لە کاتی زەروورردا ئەمانە دادەمەزرێنیٚ.

یەکەم : ژمارەییٚ پزیشك کە تەئهیل بکرێن و بە پزیشکی دادگوزار دابمەزرێن.

دووەم : ژمارەییٚ یاریدەدەری پزیشکی کە تەئهیل بکرێن لە تیمارگای دادگوزاریدا دابمەزرێن.

**ماددەی بیست و نـۆ :**

وەزیر بۆی هەیە ، سەرباری ئەو دەرماڵەیـەی کـە دەقـەکانیان لـە رێنمـانیی وەزارەتـی دارایی‌و ئابووریـدا هـاتووە ، دەرماڵـەی دیکـەش بـۆ کارمەنـدانی پزیـشکی دادگـوزاری ببڕێتـەوە ، بـە هاودەنگی لە گەڵ ئەو وەزارەتەدا و بەم شێوەیەی خوارەوە :

یەکەم : بۆ پزیشکی دادگوزاری (٤٠٠٠) چوار هەزار دینار دەرماڵەی مانگانە دەبڕێتەوە.

دووەم : بۆ کارمەندانی تیمارگەی دادگوزاری ئەوانەی کە بەکالۆریۆس یان بڕوانامەی گەورەتریان هەیە و پزیشك نین (٢٠٠٠) دوو هەزار دینار دەرماڵەی مانگانەیان بۆ دەبڕێتەوە.

سێیەم : بۆ کارمەنـدانی کـادیری تەندروسـتی و هونـەری کـە لـە تیمارگـە دادگوزاریەکانـدا ئـیش دەکەن (١٠٠٠) هەزار دینار دەرماڵەی مانگانەیان بۆ دەبڕێتەوە.

چوارەم : بۆ کادیرە خزمەتگوزارەکان کە لە تیمارگە دادگوزاریەکاندا خزمەت دەکەن (٥٠٠) پێنج سەد دینار دەرماڵەی مانگانەیان بۆ دەبڕێتەوە.

پێنجەم : ئەو دەرماڵانەی لە هەر چوار بڕگەکەی سەرەوەدا هاتووە لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩٣)ی ساڵی (١٩٦٧)ی دەرماڵەی فرمانبەرانی دەوڵەت هەڵاوێر دەکرێن (تستثنی).

**ماددەی سـی :**

ئەو پزیشك و دەرمانسازو یاریدەدەری پزیشکانەی کە لە تیمارگە دادگوزاریەکاندا ئیش دەکەن ، لـە حوکمـەکانی یاسـای پلـەدارکردنی خـاوەن پیـشە پزیـشکیەکان و لـە حوکمـەکانی یاسـای پلەدارکردنی خاوەن پیشە تەندروستیەکان کە لـە دێهـات و گوندەکانـدا ئـیش دەکـەن ، عەفـــو دەکرێن.

**ماددەی سـی و یەك :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سـی و دوو :**

وەزیر بۆی هەیە ، بۆ ساناکردنی بەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە رێنمایی دەربهێنێ.

**ماددەی سـی و سـێ :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سـی و چـوار :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق**

## هـۆکارە زەرووره‌کان

بۆ جەخت کردنەوە لەسەر گرنگی و بایەخی پزیشکی دادگوزاری و ، بە مەبەستی بەرەوچاکتر بردن و رێکخستنی ئەرکەکانی بە جۆرێکی ئەوتۆ کە بتوانێ بە جۆرێکی زانستانەو شێوازێکی فراژووکراو ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بەجێبگەیەنێو ، بە مەبەستی دەسنیشان کردنی ئیش و کاری پزیشکیی دادگوزاریو ، بەرزکردنەوەی کەفائەت و بەهرەمەندیی کارمەندانی تیمارگەی دادگوزاریو ، زەمانەتی پزیشکە دادگوزارەکان بە پێی پلانێکی ئاودامان کە پێداویستی هەرێم پڕبکاتەوە بە جۆرێ کە عەدالەت وەدی بێنێو ، بە وردی و بەخێراییش مەسەلەکان بەپێی توانا یەکلایی بکاتەوە ، لەبەر ئەوانە هەمووی ، ئەم یاسایە یاساکاری کرا.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

وەزارەتــی شــارەوانــیو گەشــت و گـــوزار
فـەرمانگـــەی یاسـا

ژمـــارە / ٨٥٣١
رۆژ / ٢٠٠١/١١/٤

## بـڕیـــار

بە پێی ئەو دەسەلاّتەی کە بە گوێرەی ماددەی (١١) لـە یاسـای بـەڕێوەبردنی شـارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموار کراو پێمان دراوەو لەبەر لێکدانی ناحیەی خەبات و کەلّەك بە پێی نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٣١٠٩) لە ٢٠٠١/٥/١٥ بڕیارمانـدا بە :-

١. یەکبوونی شارەوانی کەلّەك و خەبات.
٢. هەموو فەرمانبەرانی دەخرێنە سەر ناحیەی خەبات.
٣. ئەم بڕیارە لە رۆژی بلاّوبوونەوەی لە رۆژنامەی رەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

مـأمـون نـور محمـد بریفکـانی
وەزیـــری شـــارەوانیو گەشـت و گـــوزار

---

وەزارەتــی شــارەوانــیو گەشــت و گـــوزار
فـەرمانگـــەی یاسـا

ژمـــارە / ٨٥٣٢
رۆژ / ٢٠٠١/١١/٤

## فـەرمـانی وەزاری

ئامـاژە بـە نووسـراوی وەزارەتـی نـاوخۆ ژمـارە (٣١٠٩) لـە ٢٠٠١/٥/١٥ و بـە پێـی نووسـراوی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی هەولێر ژمارە (٢١١٦) لـە ٢٠٠١/٩/٢ و بـۆ زیـاتر خزمـەتکردن و ڕێك و پێکی کارەکان بریارمان دا بە :

- دابڕینی سەرۆکایەتی شـارەوانی بەشـیریان لـە بەڕێوەبەرایـەتی شـارەوانیەکانی دهـۆك و بەستنەوەی بە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی هەولێرەوە.
- ئەم فەرمانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت .

مـأمـون نـور محمـد بریفکـانی
وەزیـــری شـــارەوانیو گەشـت و گـــوزار

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم الأصدار : ١٦**
**تأريخ الأصدار : ٢٠٠١/١٠/٢٦**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) و المادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، و بناءاً على ما عرضه وزير الصحة و الشؤون الأجتماعية ووافق عليه مجلس الوزراء ، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته الأعتيادية المرقمة (١١) و المنعقدة بتأريخ ٢٠٠١/١٠/٢٥ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا أصدار القانون الأتـي :

## قانون رقم (١٦) لسنة ٢٠٠١
## قانون الطب العدلي لأقليم كوردستان العراق

**المادة الأولى :**

يقصد بالعبارات التالية المعاني المبينة أزاءها :

الأقليم : أقليم كوردستان العراق .

الوزارة : وزارة الصحة و الشؤون الأجتماعية للأقليم.

الوزير : وزير الصحة و الشؤون الأجتماعية للأقليم.

المعهد : معهد الطب العدلي.

## الباب الأول
## الأهداف والأسس

**المادة الثانية :**

يهدف هذا القانون الى تنظيم عمل الطب العدلي في الأقليم ورفع مستوى كفاءة العاملين فيه و تطوير مهامه لمساعدة العدالة.

**المادة الثالثة :**

تتحقق أهداف هذا القانون بما يلي :ـ

أولاً ـ توحيد أسلوب عمل الطبابة العدلية في الأقليم والأشراف على تنفيذه.

ثانياً ـ تقديم الخبرة العلمية و الفنية للقضاء و الجهات التحقيقية المعنية.

ئـــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

ثالثاً ـ تدريب الكوادر الطبية و الصحية و الفنية .

رابعاً ـ أعداد البحوث ذات العلاقة بالطب العدلي.

خامساً ـ اجراء التحليل الأحصائي لوقعات الطب العدلي.

## البـاب الثـاني
## تشـكيلات الطب العـدلـي

**المادة الـرابعـة :**

يؤسس بموجب هذا القانون (معهد الطب العدلي) و يكون مقره في أربيل ويرتبط بالوزارة.

**المادة الخامسة :**

تكون تشكيلات الطب العدلي كما يأتي :

أولاً ـ معهد الطب العدلي و يتألف من :

أ. مجلس المعهد.

ب. أقسام المعهد.

ثانياً : الطبابات العدلية في مراكز المحافظات و ترتبط ادارياً بدوائر الصحة في المحافظات و فنياً بالمعهد.

**المادة السادسة :**

للوزير تحويل الطبابات العدلية في المحافظة التي توجد فيها جامعة الى معهد طب عدلي بمستوى مديرية عند الأقتضاء.

**المادة السابعة :**

أولاً : يشكل مجلس المعهد من :ـ

١. مدير المعهد ـ رئيساً .

٢. ممثل عن وزارة شؤون البيَشمەرگە يختاره وزير شؤون البيَشمرگه من بين الأطباء العسكريين ـ عضواً.

٣. ممثل عن وزارة الداخلية يختاره وزير الداخلية من بين ضباط الشرطة لا تقل رتبته عن مقدم حاصل على شهادة بكلوريوس في القانون أو موظف حقوقي من ذوي الخبرة من وزارة الداخلية ـ عضواً.

٤. ممثل عن مجلس التعليم العالي و البحث العلمي للأقليم يختاره المجلس من بين التدريسيين في مادة الطب العدلي في جامعات الأقليم ـ عضواً.

ئـــــەرشيفى رۆژنامەی وەقايعى كـــــــوردستان

٥. حاكم لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل ـ عضواً.

٦. مدع عام لا يقل صنفه عن الصنف الثاني يختاره وزير العدل ـ عضواً.

www.mojkurdistan.com

٧. رؤساء أقسام معهد الطب العدلي ـ أعضاءً.

٨. ثلاثة من الأطباء العدليين يختارهم الوزير ـ أعضاءً.

٩. طبيب من ذوي الأختصاص يختاره الوزير لمدة سنتين قابلة للتجديد عضواً.

ثانياً : يجتمع مجلس المعهد مرة واحدة كل ثلاثة أشهر و لـرئيس المجلـس دعوتـه للأجتمـاع كلمـا أقتضت الحاجة الى ذلك ، ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلثي أعضاء المجلـس ، وتـصدر القـرارات بأكثرية أصوات الحاضرين ، فاذا تساوت الأصوات يرجح الجانب الذي صوت له الرئيس.

ثالثاً للمجلس دعوة من يرى من ذوي الخبرة والأختصاص لحضور جلساته دون أن يكون لهم حـق التصويت.

**المادة الثامنـة :**

يتولي مجلس المعهد الأختصاصات الأتيــة :

أولاَ : أعداد الخطة السنوية للطبابة العدلية للأقليم و متابعة تنفيذها.

ثانياً : أعداد الموازنة السنوية و الحسابات الختامية للمعهد و الطبابات التابعة له.

ثالثـاً : تـأليف لجنــة مــن بـين أعـضائه مـن ثلاثــة أطبــاء عـدليين ممـن هـم في الخدمـة للنظـر في الأعتراضات المقدمة بشان التقارير الطبية العدلية.

رابعاً : أقتراح ما يراه مناسباً بشأن المناهج الطبية العدلية و الدراسات العليا المتخصصة للأطبـاء العدليين.

خامساً : اقرار فتح الدورات التدريبية لذوي المهن الطبية و الصحية و للفنيين في الطبابة العدلية.

سادساً : التوصية بمنح الأجازات الدراسية لمنتسبي الطبابة العدلية أو ايفادهم.

سابعاً : التوصية بمنح المكافأت لمنتسبي الطبابة العدلية تشجيعاً لأدائهم المتميز.

ثامناً : النظر في الأمور التي يحيلها اليه الوزير أو مدير المعهد.

**المادة التاسعة :**

يعين مدير المعهد بأمر من الوزير من بين حملة شهادة الأختصاص في الطب العدلي له ممارسة مدة لا تقل عن سبع سنوات أو من بين الأطبـاء العدليين له ممارسـة في الطـب العـدلي مـدة لا تقـل عـن أثنتي عشرة سنة و يفضل من كان من حملة شهادة البكالوريوس في القانون.

**المادة العاشـرة :**

أولاَ : يتولي مدير المعهد ما يأتي :

أ. ادارة أعمال المعهد و الأشراف الفني على أعمال الطبابات العدلية في المحافظات.

ب. تنفيذ قرارات المجلس.

ج. ممارسة الصلاحيات التي يخوله اياها الوزير أو المجلس.

ثانياً : يرتبط مدير المعهد بالوزير مباشرة.

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الحادية عشرة :**

يتكون المعهد من الأقسام الأتيـة :

أولاً : قسم فحص الأحياء ويرأسه طبيب عدلي.

ثانياً : قسم فحص الأموات و يراسه طبيب عدلي.

ثالثاً : قسم المختبر.

رابعاً : قسم التصوير و الأشعة و يرأسه طبيب مختص.

خامساً : قسم الأحصاء والبحوث.

**المادة الثانية عشرة :**

للوزير بتعليمات يصدرها:

أولاً : تحديد أختصاصات الأقسام وشروط العاملين فيها وواجباتهم.

ثانياً : أستحداث أقسام جديدة في المعهد و الطبابات العدلية.

**المادة الثالثة عشرة :**

يرأس الطبابة العدلية في مركز كل محافظة طبيب عدلي.

## البـاب الثـالـث
## الطبيـب العـــدلـي

**المادة الرابعة عشرة :**

يعتبر طبياً عدلياً كل طبيب يحمل لقب الأختصاص في الطب العدلي أو له ممارسة فعليـة متواصـلة بالطبابة العدلية مدة لا تقل عن ثلاث سنوات أو طبيب أجتاز بنجـاح دورة تدريبيـة في معهـد للطـب العدلي معترف به لا تقل مدتها عن سنة تقويمية.

**المادة الخامسة عشرة :**

أولاً : يقوم الطبيب العدلي بالمهام الأتية :

أ. فحص المصابين لتعيين الأصابة وسببها.

ب. تشريح الجثث و الأشلاء و العظام لبيان سبب الوفاة.

ج. حضور عملية فتح القبر لأستخراج الجثة لوصفها أو تشرحها لبيان سبب الوفاة أتخاذ أي اجراء أخر يطلبه حاكم التحقيق.

د. أبداء الرأي الفني في الوقائع الطبية المعروضة أمام القضاء.

هـ. تقدير العمر.

ئــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان

و. اجراء الكشف و المعاينة موقعياً عند الأقتضاء.

www.moikurdistan.com

ز. فحص الوقعات المتعلقة بالجرائم الماسة بالأخلاق و الأداب العامة.

ح. فحص المواد المنوية والدموية و فصائلهما.

ط. فحص الشعر و بيان منشأه.

ي. فحص العينات النسجية المختلفة للتثبت من طبيعتها.

ك. تحليل العينات غير النسجية المختلفة كالمخدرات والسموم و مخلفات اطلاق النار و الأفرازات الجسمية و غيرها الألبسة المختلفة.

ثانياً : ينظم الطبيب العدلي تقريراً طبياً عدلياً بكل مهمة يقوم بها بناءاً على طلب من القضاء والجهات التحقيقية المعنية.

ثالثاً : يكون تقرير الطبيب العدلي سرياً.

**المادة السادسة عشرة :**

يجوز للطبيب العدلي لأنجاز مهمته الأستعانة بذوي الأختصاص و الجهات ذات العلاقة مع بيان ذلك بتقريره.

**المادة السابعة عشرة :**

أولاً ـ للمحكمة أو للأدعاء العام ، الأعتراض على التقرير الطبي العدلي امام لجنة الأعتراضات المنصوص عليها في الفقرة (ثالثاً) من المادة (٨) من هذا القانون ، ولايجوز الأعتراض عليها من ذوي العلاقة الا بموافقة المحكمة.

ثانياً ـ يكون قرار لجنة الأعتراضات بهذا الشأن قطعياً من الوجهة الطبية العدلية فقط.

**المادة الثامنة عشرة :**

تكون التقارير الطبية التي تنظم من غير الأطباء العدليين بناءً على طلب القضاء أو الجهات التحقيقية المعنية خاضعة لأعتراض المحكمة أو الأدعاء العام أو ذوي العلاقة لدى المؤسسات الصحية التي يرتبط بها الطبيب الذي نظم التقرير الطبي.

## البـاب الـرابـع
## سـير العمـل فـي الطب العـدلـي

**المادة التاسعة عشرة :**

أولاً ـ تسجل أوصاف ومفردات الوقعات التي تحال الى الطبابة العدلية من القضاء أو الجهات التحقيقية المعنية في سجل خاص بعد التحقق من هوية الشخص أو الجثة و سلامة المواد المرسلة وفق تعليمات تصدر لهذا الغرض.

ثانياً ـ يحيل مدير المعهد أو الطبيب العدلي في المحافظة الوقعة الى القسم المختص ، أو الى لجنة من ثلاثة أطباء عند الأقتضاء.

ئـــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان

ثالثاً ـ تعرض الوقعات المتعلقة بالجرائم الماسة بالأخلاق والأداب العامة ، ووقعة تقدير العمر الى لجنة من ثلاثة أطباء.

www.mojkurdistan.com

**المادة العشرون :**

أولاً ـ تسجل الوقعة في سجل القسم المختص الذي تفحص فيه.

ثانياً ـ ينظم الطبيب العدلي أو القسم المختص أو اللجنة تقريراً طبياً عدلياً بنتائج الفحوص ويؤيد مدير المعهد أو الطبيب العدلي في المحافظة التقرير الطبي المنظم.

**المادة الحادية و العشرون :**

أولاً ـ تشرح الجثة أو تسلم بدون تشريح بقرار مسبب من حاكم التحقيق.

ثانياً ـ لا يقوم الطبيب العدلي بتشريح جثة شخص كان تحت معالجته عن حالة انتهت بالوفاة.

**المادة الثانية و العشرون :**

يزود الطبيب العدلي ذوي المتوفي بشهادة وفاة طبية عدلية بعد اكمال عملية تشريح الجثة.

**المادة الثالثة و العشرون :**

لا يجوز تشريح الجثة اذا اشتبه بوجود حالة مرضية وبائية من الأمراض الخاضعة للوائح الصحية الدولية و يخبر في هذه الحالة حاكم التحقيق ، والجهات الصحية المختصة بذلك على وجه السرعة.

**المادة الرابعة و العشورن :**

أولاً ـ يحضر الطبيب العدلي عملية فتح القبر بطلب من الجهة القضائية.

ثانياً ـ للطبيب العدلي فحص الجثة في المقبرة أو نقلها الى القسم المختص.

**المادة الخامسة و العشرون :**

اذا رفض الشخص اجراء الفحص الطبي عليه ، تشعر الجهة التحقيقية حالاً لأتخاذ ما يقتضي.

**المادة السادسة و العشرون :**

للطبابة العدلية ، عند الأقتضاء ان تطلب من حاكم التحقيق المختص الأمر بدفن الجثة قبل مضي مدة شهرين.

**المادة السابعة و العشرون :**

يجوز احالة اية وقعة طبية عدلية من محافظة الى أخرى عند الأقتضاء ، بقرار من حاكم التحقيق المختص وبموافقة رئيس محكمة الجنايات التابع له حاكم التحقيق.

**المادة الثامنة و العشرون :**

تخصص الوزارة سنوياً و عند الأقتضاء :

أولاً ـ عدداً من الأطباء لتأهيلهم و تعيينهم أطباء عدليين.

ثانياً ـ عدداً من المعاونيين الطبيين لتأهيلهم و تعيينهم في الطبابة العدلية.

**المادة التاسعة و العشرون :**

للوزير صلاحية منح مخصصات اضافية للعاملين في الطب العدلي اضافة للمخصصات المنصوص عليها في تعليمات وزارة المالية و الأقتصاد و بالتنسيق معها وعلى الشكل التالي:ـ

أولاً ـمخصصات مقطوعة قدرها (٤٠٠٠) أربعة الاف دينار شهرياً للاطباء العدليين.

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com

ثانياً ـ مخصصات مقطوعة قدرها (٢٠٠٠) الفا دينار شهرياً للعاملين في الطبابة العدلية من حملة البكلوريوس أو أعلى من غير الأطباء.

ثالثاً ـ مخصصات مقطوعة قدرها (١٠٠٠) الف دينار شهرياً للعاملين في الطبابة العدلية من الكوادر الصحية والفنية.

رابعاً: مخصصات مقطوعة قدرها (٥٠٠) خمسمائة دينار شهرياً للعاملين في الطبابة العدلية من الكوادر الخدمية.

خامساً ـ تستثنى المخصصات الواردة ذكرها في الفقرات الأربعة أعلاه من أحكام قانون مخصصات موظفي الدولة رقم (٩٣) لسنة ١٩٦٧.

**المادة الثلاثون :**

يعفى الطبيب و الصيدلي و المعاون الطبي العاملون في الطبابة العدلية من أحكام قانون تدرج ذوي المهن الطبية وقانون تدرج ذوي المهن الصحية فيما يخص الخدمة في القرى و الارياف.

**المادة الحادية و الثلاثون :**

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الثانية و الثلاثون :**

للوزير أصدار تعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الثالثة و الثلاثون :**

لا يعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القانون.

**المادة الرابعة و الثلاثون :**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د. رۆژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**الأسباب الموجبة**

تأكيداً لأهمية الطب العدلي ولغرض تطوير أعماله و تنظيمها بشكل يمكنه من أداء هذه المهام بصورة علمية و متطورة ، وبغية تحديد مهام الطبيب العدلي ورفع كفاءة العاملين في الطبابة العدلية ، وتأمين الأطباء العدليين وفق خطة شاملة تغطي حاجة الأقليم ، اليهم ، بما يحقق العدالة وحسم القضايا بأدق وجه وأسرع وقت ممكن فقد شرع هذا القانون.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com